www.kurdistannet.org
18-6-2006 1:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دەربارەی لاوازیی پێگەی ئافرەتان لەکابینەی پێنجەمدا: نەجیبە مەحمود: سەرکردایەتی حیزبەکان نایانەوێت بایەخ بەرۆڵی ژنان بدەن بەناز کوێستانی: بەشداریی کردنی ژنان لە حکومەتدا لەساڵی 1992 و لەساڵی 2006 دا وەک یەک وایە. ...**

**ئا:ئاسۆ**



لەدوای ڕاگەیاندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی ئەم کابینەیە، ڕێکخراوەکانی ژنان تێکڕا گلەییو گازندەیان لەلاوازیی پێگەی ژن لەم حکومەتەدا کرد.
دانانی سێ ژن کە یەکێکیان وەزیری بێ وەزارەتە دژو ناتەبایە لەگەڵ دەستوور کە 25% پۆستە باڵاکان و وەزارەتەکان دەدات بەژنان، هەفتەی ڕابردوو ڕێکخراوەکانی ژنان هەفتەی هەڵوێستیان بەڕێوەبرد، بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر ئەم بوارە و هەڵوێستی ژنان لەمەر ئەم حاڵەتە بەپێویستمان زانی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڵسوڕاوانی مافەکانی ژنان سازبکەین. سەرەتا پرسیارمان ئاراستەی بەڕێز (**بەناز کوێستانی**) سەرنووسەری ڕۆژنامەی (پێگە) کرد.



پ: لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی کوردستاندا تەنیا سێ پۆستی وەزاری بەژنان دراوە کە یەکێکیان ڕەمزیەو وەزارەتێکی هەرێمە ئایا ئێوە لەو ڕێژەیە لەبەشداریی پێکردنی ژنان ڕازین هەروەها ئەم ژنانە دەتوانن وەك پێویست بەئەرکی خۆیان هەستن؟

**بەناز کوێستانی**: سەرەتا ئێمە وەك ژنان و وەك ڕێکخراوەکانی ژنان کە لەساڵی 1991 لەدوای ڕاپەڕینەوە کاردەکەین بۆئەوەی ژنان چالاك بن لەکۆمەڵگەی کوردیدا، بۆئەوەی ژن بتوانێت لەهەموو کایەکانی سیاسەتدا کاربکات و بەشداریی هەبێ لەهەمان کاتدا لە حکومەتدا ڕۆڵی هەبێ و لەکایەی کۆمەڵایەتیدا شوێن پێی هەبێ بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە.
ژمارەیەکی زۆر لەڕێکخراو چ ئەو ڕێکخراوانەی سەر بەحیزبن یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چ ڕێکخراوە بێلایەنەکان کاریان بۆ گۆڕان کردووە کە لەکۆمەڵگەدا ڕوویدات، بەڵام سەیر دەکەین لەساڵی 1992 کە پەرلەمان دامەزرا ڕێژەی ژنان تیایدا تەنیا دوو ژن بوو، ئێستاش کە ساڵی (2006) ە بەهەمان شێوەیە، کە حکومەتی یەکگرتوو ڕاگەیەندرا چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکرد کە گۆڕانکارییەکی ڕێژەیی و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە حکومەت و لە پەرلەمان و لەوەزارەکاتەکاندا دروست ببێ بەڵام دروست نەبوو.
لەپەرلەمان کەڕێژەی 25% یان دانا دەتوانین بڵێین ڕێژەی ژنان چووە سەرەوە لە بەشدرایی کردن لە پەرلەماندا لە حکومەتیشدا چاوەڕێمان دەکرد بەهەمان شێوە بێت و ڕێژەی 25% بەکاربهێننەوە کە لە 25% ی وەزارەتەکان بدرێت بەژنان بەڵام بەداخەوە دواتر بینیمان کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی-یەوە ڕاگەیەندرا لەسەر لیستی پارتی تەنیا دوو ژن دانراوە کە دوو وەزارەتیان دراوەتی دەتوانین بڵێین دوو وەزارەتی خزمەتگوزارین بەڵام لەسەر لیستی یەکێتی تەنیا یەك ژن کاندید کرا ئەویش بەوەزیری هەرێم کە دەتوانم بڵێم وەزیرێکی بێ وەزارەتەو وەزارەتەکەی خزمەتگوزاریی نییە بەڵکو تەنیا ئەو ژنە بەدیکۆر لەو شوێنە دانراوە.

پ: سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی ژنان لەوەزارەت و لە حکومەتدا کەمە بەڵام ئەو ژنانەی لەو پۆستانە دانراون لەسەر پێوەری حیزبی بوون کاندید کراون تۆ پێتوانییە دانانی ئەو ژنە وەزیرانە تەنیا بۆ ڕووکەشەو هیچ پەیوەندییەکی بە بەشداریی پێکردنی ڕەگەزی مێینەوە نییە؟

**بەناز کوێستانی**: بەدڵنیاییەوە پەیوەندیی بەمەسەلەی یەکسانی و ئازادیی ژنانەوە نییە چونکە ئەگەر پەیوەندیی بەئازادی و یەکسانی ژنانەوە هەبوایە دەبوو ڕێگەیان بەژنان بدایە لەپۆستەکانی حیزبدا. ئەگەر سەیری مەڵبەند و لقە حیزبییەکان بکەین، سەیری سەرکردایەتییەکان بکەین، سەیری مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبە باڵادەستە بکەین دەبینین لەهیچ کامێکیاندا ژنێك بوونی نییە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێت، کە ئەوان نەیەڵن ژن لە حیزبەکانیاندا بەرەو پێش بڕوات، نەیەڵن ژن ببێتە کادر، ببێتە ئەندامی سەرکردایەتی، ببی بەئەندامی مەکەتەبی سیاسی کەواتە ئەو ژنانە لەکوی بێنن کە بتوانن ڕۆڵ ببینن لە حکومەتدا لەبەرئەوە حیزبەکان زیاتر ئەو ژنانە هەڵدەبژێرن کە حیزبین و گوێڕایەڵی خۆیانن کە کادری حیزبەکانی خۆیانن و لەقسەیان دەرناچن و هەرچیان پی بڵێن جی بەجێی دەکەن بۆیە زیاتر ئەو ژنانە هەڵدەبژێرن، هەتا ئێمە دەتوانین بڵێین چەندان ژنی بێلایەنمان هەیە، ژنمان هەیە لەدەرەوەی حیزبەکان کاردەکات و ژنێکی چالاکە، ژنێکە دەتوانی پۆست بگرێتە دەست، دەتوانێت ئیدراە بدات، دەتوانێت وەزارەتێك یان فەرمانگەیەك بەڕێوەبەرێت بەڵام سەیر دەکەین ئەو ژنانە پشتگوی دەخرێن ئەویش لەبەرئەوەی بێلایەنن و زیاتر گوێڕایەڵی حیزبەکان و دەسەڵاتی سیاسی نابن.

پ: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ڕێکخراوەکانی ژنان بەجیدیی تر کاربکەن و فشار دروست بکەن تا جارێکی تر ئەو ڕێژەیە دووبارە نەبێتەوە لە حکومەتەکانی داهاتوودا؟

**بەناز کوێستانی**: من پێموایە ئەگەر ڕێکخراوەکانی ژنان ئیشێکی جیدیشی بۆ بکەن ناتوانن هیچ بگۆڕن، ڕێکخراوەکانی ژنان لەساڵی 1991 وە کە تا ئێستا خەباتیان کردووە چەندەها یاساوباری کۆمەڵایەتیان لەکۆمەڵگەدا گۆڕیوە بەڵام سەیری دەکەین بەشداریی کردنی ژنان لە حکومەتدا لە ساڵی 1992 و لەساڵی 2006 دا وەك یەك وایە و ڕێژەی ژن تیایدا نەگۆڕاوە، وەك ئەوە وایە ڕێکخراوەکانی هیچیان نەکردبێت، وەك ئەوە وایە ڕێکخراوەکان هیچ گۆڕانێکیان نەکردبێت.

پ: بۆچی ڕێکخراوەکانی ژنان هەڵوێستێکی فەرمیان دەرنەبڕی و بەڕێگەی جۆراو جۆری چەشنی ڕێپێوان و کۆڕو کۆبوونەوەی فراوان لەدژی ئەو فەرامۆشکردنەی ژنان لەکابینەی حکومەتدا نەوەستانەوە تا حکومەت ناچاربکەن بۆ بەشداریی پێکردنی ژنان بەڕێژەیەکی زیاتر؟

**بەناز کوێستانی**: من پێموایە ئێستا ئیشی لەسەر دەکرێت، ڕێکخراوەکانی ژنان لەشاری سلێمانی هەفتەی هەڵوێستیان بەڕێوەبرد کەلەم هەفتەیەدا چەند کۆڕو سیمینارێك سازدرا بۆ کەسانی باڵادەست لەحیزبەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هەزاران پۆستەر لەچاپدرا و بەناو شاردا بڵاوکرایەوە لەگەڵ نووسینی نامەو موزەکەرە بۆ بەرێز مام جەلال و سەرکردایەتی حیزبەکان بەڵام من پێموایە ئەم هەڵوێستەش هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، بەهەمان شێوە تێڕوانینی ئەندامانی پیاوی مەکتەب سیاسییەکانی هەردوو حیزب چۆنە بۆ مەسەلەی ژنان هەربەوشێوەیە دەبێت چونکە گۆڕانێکی بنەڕەتی لەعەقڵ و فیکری سیاسیانی کورد و تاکی کورد و پیاوی کورددا ڕوونەداوە.

*دواتر لەسەر هەمان پرس و کاری ڕێکخراوەکانی ژنان لەبواری نارەزایەتی دەربڕین لەدژی حکومەتی هەرێم پرسیارەکانمان ئاراستەی خاتوو (**نەجیبە مەحمود**) هەڵسوراوی مافەکانی ئافرەت کرد.

پ: وەك ئاگادارین لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا سی پۆستی وەزارەت دراون بەژنان کە هەرسی وەزیرەکەش ژنانی حیزبین، وەك دەزانین حیزب بۆ جوانکردنی سیمای خۆی لەو پۆستانە دایناون نەك لەباوەڕ بەمەسەلەی ژنانەوە تۆ وەك هەڵسوراوێکی بواری مافی ژنان چۆن لەم کابینەیە دەڕوانیت و چ سەرنجێکت لەبارەیەوە هەیە؟

**نەجیبە مەحمود:** ڕەنگە بڵێم لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر کۆمەڵێك تێبینی خۆمم هەبووەو لەزۆربەی چاوپێکەوتن و نووسینەکانمدا ئاماژەم بەوەداوە کە حیزبەکان دەگەڕێن بەدوای کەسانێکدا کە ئەو پۆستانەیان پی بدات کە تەنیا گوێڕایەڵی حیزب بن یان لەسەر بنەمای تەکەتول و هێنانە پێشەوە و خزمایەتی و پەیوەندیی شەخسییە.
بەڵام ئێستا قسەکەمان لەسەر ڕێژەیەکە، ئەو ڕێژەیەی کە ئێستا ژن بەشدارە لەپۆستە حکومییەکاندا ڕێژەیەکە لەچاو ڕێژەی پەرلەماندا بەراستی زۆر لاوازە یان هیچ نەبوایە دەبوو بگونجایە لەگەڵ ئەو ڕێژەیەی لەپەرلەماندا هاتووە، هەرچەندە من بۆ خۆم بڕوام بەو ڕێژەیە نییە کە دانراوە بۆ ژن.
پێموایە ژن دەبێت لەسەر ئاستی تواناو لێهاتوویی خۆی بڕواتە ئەو شوێنانە.
پ: زۆرێك لەچاودێران پێیانوایە بەشداریی پێکردنی ژنان لە حکومەتی تویدا تەنیا هۆیەکە بۆ جوانکردنی سیمای حیزب تا چەند لەگەڵ ئەم ڕایەدا کۆکیت؟
**نەجیبە مەحمود:** بەڕاستی هەندێ جار ئەوە هەبووە کەمنیش ئەو ڕایەم هەبووە، بەڵام ئێستا ڕاستە ڕێژەیەکی زۆر کەمەو سی ژنن کە دانراون بۆ پۆستی وەزارەت بەراستی ژنانێکی باشن لەبوارەکانی خۆیاندا، ئینسان ناتوانێت لە تواناو لێهاتوویی ئەوان کەمبکاتەوە بەڵام ئێمە پێمان باشە ژنانەترو باشتر بیربکەنەوە کە لەو شوێنانە دانراون.
پ: ئایا لەدەرەوەی حیزبەکان ژنی شیاومان نەبووە بتوانێت وەزارەت بەڕێوەببات بەڵام حیزبەکان ڕێگرییان لێکردووە و بەشدارییان پی نەکردووە؟
**نەجیبە مەحمود:** لەراستیدا هەیە، بەڵی لەناو یەکێتی نیشتمانی و لەناو پارتی دیموکرات و لەناو هەموو حیزبەکانی تر ئەگەر بگەڕێیت ژنانێکی چالاك و بەتوانا هەیە بەشدار نەکراون.
پ: پێتوانییە سەرکردایەتی حیزبەکان وا بیردەکەنەوە کە ژنان ناتوانن پۆستەکان بەڕێوەبەرن؟
**نەجیبە مەحمود:** ئەگەر پێشت وانەبێت ئەوە لەراگەیاندنی کابینەی پێنجەمەوە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە سەرکردایەتی حیزبەکان نایانەوی بایەخ بەڕۆڵی ژن بدەن، ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات کە بەعەقڵیەتێکی عەسکەرتاریی بیریان کردۆتەوە، یان بەعەقڵییەتی شاخ کە زیاتر پێیانوایە سەنگەر گرتنە لەیەکتری ئەوەش بەژن ناکرێت تەنیا بەوان نەبێت لەسەر ئەم بنەمایە بڕوایان بەدەوری ژنان نییە، من پێموایە ئەمڕۆ ژنانێکی زۆر چالاك هەیە لەهەموو حیزبەکاندا دەتوانی ئەو شەڕەبکات لەسەر حەقی خۆی و حەقی میللەتەکەی.
پ: ئەگەر دەسەڵات وەڵامی داواکانی ژنانی نەدایەوە ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی لەدوای هەفتەی هەڵوێست چ ڕێگاو شێوازێکی تر دەگرنەربەر بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین؟
**نەجیبە مەحمود:** من بەش بەحاڵی خۆم پێم باشە ئەو ڕێکخراوانەی کە دانیشتووین لیژنەیەکمان پێکهێناوە بەناوی هەفتەی هەڵوێست ئەگەر هاتوو ئەمە گوێی لێنەگیرا کاری تر بکەین چونکە دەرفەتێکی تر هەیە لەبەردەمماندا کە بتوانین قەرەبووی ئەوە بکرێتەوە بەدانانی ژنان لەپۆستی بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان و پۆستە باڵاکانی تر کە دەکرێت لەو پۆستانە حەق بۆ ژنان بکرێتەوە.
ئەگەر هەرنەکرا بەدڵنیاییەوە پێویستە هەموو ڕێکخراوەکان هەڵوێست وەربگرن تەنانەت بەرێکخراوەکانی حیزبیشەوە چونکە ئەگەر حیزبێك پێشێلی مافی ئەو بکات دوای ئەو هەموو داواکاریی و هەراو کارە گوێی لێنەگری حەقە هەڵوێست وەربگری لەبەرامبەریدا.
پ: ئایا ناکرێت ڕێکخراوەکانی ژنان لیستێکی تایبەتی خۆیان پێشکەش بە دەسەڵات بکەن و ناوی کاندیدای خۆیان بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕابگەیەنن؟

**نەجیبە مەحمود**: لەراستیدا من پێموایە ئەگەر هەر ناوێکیش بەرزبکەینەوە ئەو ناوانە هەر هەموویان نزیکن لەو حیزبانەو دابەشتبوون بەسەر حیزبەکاندا خۆیان ئەو ناوانەیان لەبەردەستدا بوو، بەڵام ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ ناتوانن؟ زۆر باش دەتوانن بەڵام بەمەرجێك ئەگەر ڕێکخراوەکان خۆیان بەدوور بگرن لەبیرکردنەوەی حیزبایەتی تەسك.

لەلایەکی ترەوە بەدڵنیاییەوە بێدەنگ بوون لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە ڕازی بوونە بەو وەزعە.

بەڵام پێویستە بڵێم زۆربەی ڕێکخراوەکانی کە ئێستا لێرەن کەنیزیکیشن لەحیزبەکان لەو لیژنەی هەڵوێستەدا هەن ئەمە جگە لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

پ: دوا پرسیارم ئەوەیە پێتوانییە ڕێکخراوەکانی ژنانی حیزبەکان تاسەر پەتەکە لەگەڵ پرۆسەکەدا دەرۆن و دواتر بەئیعازی حیزبەکانیان پاشەکشە دەکەن لەو هەڵوێستانە؟

**نەجیبە مەحمود**: ڕەنگە لەڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی تر جیاوازبێت، بەڵی ئەم حاڵەتە بە ڕێژەیەك هەیە بەڵام من ناتوانم بڵێم هەموو ڕێکخراوەکان وان، ڕەنگە ڕێکخراوێك هەوڵیدابێت و تەجاوزی هەندی شت بکات بەڵام ڕێکخراوێکی تر نەیکات.

ئەمەیان دەکەوێتە سەر ئاستی ڕێکخراوەکان بەڵام ئەوەشمان لەیادنەچێت ڕێکخراوەکان ئێستا رۆڵێکی زۆر باشیان هەیە لەو لیژنەی هەڵویستە، کەناکرێت مرۆڤ ئەوە لەیادبکات.